

# من خەون دامئەگیرسێنێت

بەرزان هەستیار

-١-

کە ئەچمە سەیری گوڵانیش،....
خەون، بە مووڕووی داگیرساوی چاوانی خۆیەوە
ڕێگەم بۆ تریفەڕێژ ئەکات و
هەر ئەویش پێم ئەڵێت کام باخچە میوان ڕائەگرێت
بەرلەوەی، بە شەراب وشکەساڵیی پەرداخێك ئاڵ بکەمەوە...
هەر خەونە، پەنجە ئەخاتە سەر ساتەکانی مەستبوونم و
پێشبینیی هەڵکردنی ڕەشەبای وڕێنەکانیشم ئەکات،
خەون، وەك زەنگی کڵێسایەکی نزیك وەئاگام دێنێت و
پێم ئەڵێت، کەی و لە کوێ...



## دەق

ژنێکی مەنگ،...
بە دیار چرای ڕووخۆشی ژوانێکەوە چاوەڕێمە و
کەی، تارمایی ناس و ئەجناسیش لە هیچ دیارێك نابینم؛
من پەشیمان نیم لە ئاڵوودەبوونم......
بە شەرابی کۆنەساڵی خەونەکانمەوە،
خۆم، لە یەکەم چرکەساتی گەشانەوەی پشکۆکانی بیرکردنەوەوە
هەموو گۆزەی نهێنییەکانم بە پڕی،.....
لە ژێرخانی ئەودا جێهێشت،
تکایە ئەو هەڵەیە مەکە داوای بێداربوونەوەم لێ بکەیت
لێرە،...
نە، دڵڕەنجاندن و
نە، پێکرژاندن و
نە، مەرگی موفاجات هەیە؛
من لەم دەڤەرە تەڕوبڕەدا،.....
سەرمەستی ڕاوە بارانی خەونم،.....
چیم داوە لە پیاسەی ئەو کەنارە وشك و برنگانەی....
هیچ هەتاوێك، لە دڵەوە لە سەریان ڕاناکشێت؛
بەقەدەر خودا سەرقاڵم،
ئەو، سەرگەرمی تەماشاکردنی....
شەڕی مەخلووقە دزێوەکانی و
منیش ئاودانی گوڵە جەهەننەمییەکانی بەهەشت!
هێندەی خودا، هەم دڵشاد و هەم دڵشکاو؛
ئەو، کامەرانە بەوەی....
ڕۆژێك، هەموو ڕۆڵە نالەبار و نوورانییەکانیشی،...
لە حزووریا سەف ئەبەستن،
من شادمان بەوەی تابوورێك خەونی زیتەڵە.....
تەنیاییان قەرەباڵغ کردووم؛
ئەو، غەمبارە بە لاسارییەکانی بنیادەم و
منیش مات و سەرکزی....
بەتاڵبوونەوەی خەونێکی تازە پێڕەوکەم



-٢-

بە دوو باسکی ئاوەڵاوە،
ئاوەڵا، وەك پەنجەرەکانی خۆشەویستی،......
خەونە پەرتەوازەکان کۆئەکەمەوە و
بە نەغمەی سەرزەنشتیشەوە ئەڵێم:
ئەی خوێنڕێژ،...
چ نەبێت، وچانێك؛
خوێن، ڕەنگی پەرداخ و
خوێن، تامی شەرابیشی گۆڕی!
خوێن، ڕووخساری خەون و
خوێن، شەربەتی خەیاڵی شلوێ کرد؛
ئەی خوێنڕێژ، پێ ناچێت...
تۆ، بۆ جارێکیش لە پاڵ دار هەناری خەونێکی بۆنخۆشا......
چاکەتی خۆڵەمێشیی سێبەرێکی پۆشناخت دابێ بە شانتا،....
بۆیە هەمیشە ناوی شمشێرت زیاتر لە زکری خودا لەسەرزارە
لە جێی گمە گمی سترانیش،....
لەبەر خۆتەوە ڕیتمەکانی مردن ڕیز ئەکەیت و
نۆتەکانی دابڕان ئەژەنیت،
ئەی خوێنڕێژ، سەر و ژێری بیابانی زاکیرەت تەی کەیت
دڵنیام جێ ماچی خۆت لەسەر لێوی ئافرەتێك نابینیتەوە و
چرپەی ژنێك لە هیچ کەلەبەرێکی وجووتدا نابیستیت،.....
دەنا چ گرێبەستێکت لەگەڵ خوێن مۆر نەئەکرد و
ڕێت نەئەدا،....
ئەستێران، بە قەتارە سەری نائومێدیی لە ئاسمانەکەت هەڵگرن
ئەی خوێنڕێژ ،
پڕ بە دەنووکی پاسارییەك لە هەنگوینی خەونەکانی مەستی و
خەونی سەفەرە هێورەکانی عیشق و دەریا، بخۆرەوە،.....
لە ڕۆحتا وەرزی پشکووتنی پەپوولە دەست پێئەکات؛...
لە چاوتا، وادەی باڵگرتنی نەورەس،...
ئەی خوێنڕێژ!